www.kurdistannet.org
02/06/2002 03:26

# چیرۆكی كرێكارێك

**كۆژان**
b.shiruan@wanadoo.nl

كۆرپەكانم
لەكازیوەی بەربەیانی ئیمڕۆمیشدا
وەك گشت ڕۆژان
ئامێزی گەرمی دایكتان بەجێ دێڵم
مەگەر دوێنێ
لەگەل شلپەی ماچ كردنی گۆناتانا
پێم نەوتن !
ئەگەر سبەی بەر لە خەوتن
ئاگر بۆ چێشت نەكەینەوە
لەم ژوورەدا
كەستان بە من نەڵێن بابە بۆ لەمەودوا .
* * *
كۆرپەكانم
هەموو ڕۆژێ لەگەڵ ئاخێزی هەستانما
ماچی گەرمی گۆنای ئاڵتان
تویشە بەرەم پێ ئەستێ
هەر بە ووشەی بابە بابەی گەرووی جوانتان
لاشەم لەسەر پێم ئەوەستێ
بزوێنەری ژیانمن هەناسەمن
دەریایەكی گەش و مەنگی هەناومن
ئاوات و خەون و تاسەمن
چۆن هەڵئەكەم
گەر ڕۆژانە بۆ مۆسیقای ووشەی بابە
گوێ هەڵنەخەم
كۆرپەكانم

www.kurdistannet.org
02/06/2002 03:26

ئەی گلێنە ماندووبووەکان
ئەم بەیانیەش وەك جاران
ئەبمە مامان
شەو بە بێ من ڕۆژی نابێ
باڵندە لە خەو هەڵناسێ
بەفری کێوان ناتوێتەوە
لووتکە تارای زەرد ناپۆشێ
هەتا لاشەی سیس و چرچی ڕەق هەڵها تووم
خۆی لە گیانی ئامێر نەسوێ
تێکەڵی گەچ و بەرد نەبێ
تا دەساڕی بێ خەمەکان
تێکڕا گیانم هەڵنەلوشێ
هەر بە بێ من ئاوڕێ ناکات
زەوی خولگەی کاتەکانی تەواو ناکات

❋ ❋ ❋

ئاخر ڕۆڵە
کێ وەکو من کات ئەژمێرێ
چاوەڕێیە خۆر ئاوا بێ
گوێ لە ووشەی بابەی تۆ بێ
چاوگەشەکەم
وەکو باوك بێ بەشەکەم
باش ئەزانم
ئەو پارەیە کە ئێوارە
گەورەم ئەی خاتە گیرفانم
بەشی گۆشت و پیلاو ناکات
چێشتی گەرمی ئێوارەشمان دابین ناکات
هەوری خەمی چاوەڕێ بوون ڕەوپێ ناکات .

www.kurdistannet.org
02/06/2002 03:26

ڕۆڵەکانم!
نەڵێن بابە هەمووهێزی هەراج ناکات
تا پێویستی ڕۆژانەمان بۆ پەیاکات
دەجار زیاتر لەو پارەیەی
کەوا بەشی خەرجی ناکات
هێز ئەفرۆشم
سەد جار زیاتر لەو چاودێرەی
کەلپە بۆ گیانم تیژ ئەکات
خۆم ئەدۆشم
لەبەرئەوە کە ئەم ئێوارەش هاتمەوە
با گوێم ناموی دەنگتان نەبێ
نەکەن بڵێن ئەمە بابەی ئێمە نیە
چونکە هەردوو لەپەکانی بن هەنگڵی
بۆنی سەروپێی لێ نایەت
تکەی خوێنی گۆشت خانەکان
گەچە وشکەی جلەکانی سوور نەکردوە
نەکەن بڵێن ئەمە بابەی ئێمە نیە
دوێنێ درۆی گەورەی کردوە
بۆ خەوتنمان لە باوشی برسێتی دا
گورگانە شەوەی کردوە

کەلاری کۆن ١٩٨٩

www.kurdistannet.org